# ئاگادار کردنەوەی باوەڕداران لە کردەوەی نەفرەت لێکراوان

بەشی دووەم

وەرگێڕانی: دایکی ئالاء

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

لە بەشی یەکەمدا باسی مانای نەفرەت وحوکمی نەفرەت کردن وهەندێك لە نەفرەت لێکراوانمان کرد بە پشتیوانی خوای گەورە لەم بەشەیشدا باسی هەندێکی تر لە نەفەرەت لێ کراوان دەکەین بۆ ئەوەی خۆمان لەو کردەوانە بپارێزین کە دەبنە هۆی نەفرەت لێ کردنمان ودورخستنەوەمان لە سۆز وبەزەیی خوای گەورە:

**پێنجەم: دووڕووەکان:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُقِيمٌ﴾ [التوبة: ٦٧-٦٨].

واتە: دووڕووەکان ئافرەتانیان وەکو پیاوانیان وان لە بێباوەڕی ودووری لە باوەڕەوە، فەرمان دەکەن بە خراپەو بەرهەڵستی دەکەن لە چاکە، وە ڕەزیلن ودەستیان دەگرنەوە لە خێر وچاکە وبەخشین لە پێناوی خوای گەورەدا، خوای گەورەیان لە یاد کردووە ولە سزای ئەمەیشدا خوای گەورە ئەوانی بێئاگا کردووە لە بەزەیی خۆی، بەڕاستی دووڕووەکان لەڕێدەرچوون، خوای گەورە پەیمانی دۆزەخی بە دووڕەکان وکافران داوە کە بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، کە دۆزەخ بەسیانە بۆ سزادانیان، وەخوای گەورە نەفرەتی لێ کردون، وەسزایەکی بەردەوامیان بۆ هەیە.

دووڕوویی مانای شاردنەوەی کوفرو بێ باوەڕی ودەرخستنی ئیمانە، هەرکەسێك بەم حاڵە بێت زۆر خراپترە لە کافرو بێباوەڕەکان، بۆیە سەرەنجامیان نزمترین شوێنی ناو دۆزەخە، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا﴾ [النساء: ١٤٥].

واتە: بەڕاستی دووڕووەکان لە نزمترین پلە وخوارەوەی دۆزەخن، وەنابینیت کەسێك هەبێت رزگاریان بکات لەو شوێنە.

ئەم جۆرەیش دووڕوویی گەورە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە ئیسلام دەردەکات، وە شایەنی مانەوەی هەمیشەیی‌یە لە ئاگری دۆزەخدا.

دووڕوویی بچوك: مرۆڤ لە ئیسلام ناکاتە دەرەوە، وە بە هەمیشەیی لە ناو ئاگردا نایهێڵێتەوە، وەلە شەرعدا ئەو ناوە دراوە بەسەر کەسێکدا کە خاوەنی ئیمانە بە خواو پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڵام درۆیش دەکات لە قسەکردندا، وە سەرپێچی پەیمانی دەکات، وە ستەم وخراپەکاریش دەکات، هەروەکو چۆن پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

(أربع من كن فيه كان منافقا خالصا ومن كانت فيه خصلة منهن كانت فيه خصلة من النفاق حتى يدعها إذا حدث كذب وإذا وعد أخلف وإذا عاهد غدر وإذا خاصم فجر)[١].

واتە: چوار سیفات هەیە هەر کەسێك تێیدا بێت ئەوا دووڕوویەکی تەواوە، وە هەرکەسێك یەك سیفەتی تێدا بێت ئەوا سیفەتی دووڕوویی تێدایە هەتا وازی لێ دێنێت: کە قسە بکات درۆ دەکات، وە بەڵێن بدات دەیشکێنێت، وە پەیمان بدات ستەم دەکات، وە ڕووبەڕوو بێتەوە خراپە کاری دەکات.

**شەشەم: جوێندەران بە هاوەڵانی(ﷺ) پێغەمبەر(ﷺ)**

لە ئیبن عومەرەوە (ﷺ) فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(من سب أصحابي فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين)[٢].

واتە: ئەوەی جوێن بە هاوەڵانم بدات ئەوا نەفرەتی خواو فریشتەکان وهەموو خەڵکی لەسەر بێت.

**حەوتەم: درۆزنەکان:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَمَنْ حَاجَّكَ فِيهِ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْا نَدْعُ أَبْنَاءَنَا وَأَبْنَاءَكُمْ وَنِسَاءَنَا وَنِسَاءَكُمْ وَأَنْفُسَنَا وَأَنْفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَلْ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ﴾

[آل عمران: ٦١].

واتە: هەرکەسێك لە گاورەکان دەمەقاڵێی لەگەڵ کردیت لەسەر ئەوەی کە عیسی(ﷺ) خوایە، یان کوڕی خوایە ئەوا ئەی محمد(ﷺ) تۆ پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن وەرن با

١- (صحيح الجامع الصغير: ٨٩٠).

٢- (صحيح الجامع الصغير: ٦٢٨٥).

هەر یەكێك لە ئێمە بانگی منداڵ وخێزان وخۆمان بكەین وپاشان موباهەلە بكەین (واتە: دەست لە خوا بەرز بكەینەوە ولێی بپاڕێینەوە بەوەی كە **نەفرەت** وسزای خۆی بنێرێت بۆ سەر درۆزن) بەڵام گاورەكان نەیان وێرا چونكە دڵنیا بوون كە ئەگەر بیان كردایە ئەوا خوای گەورە لە پێش چاوی خەڵكی سزای بۆ دەناردن.

وە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

**(وإیاكم والكذب فإن الكذب یهدي إلی الفجور وإن الفجور یهدي إلی النار وما یزال الرجل یكذب ویتحری الكذب حتی یكتب عند الله كذابا)**[3].

واتە: خۆتان بپارێزن لە درۆ چونكە درۆ بەرەو خراپەتان دەبات، وە خراپەیش بەرەو ئاگرتان دەبات، وە پیاوی وا هەیە ئەوەندە درۆ دەكات تا لای خوای گەورەیش بە درۆزن ناونوس دەكرێت.

### هەشتەم: ستەمكاران:

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَنْ لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ [الأعراف: ٤٤].

واتە: بانگەرێك لەلایەنی خوای گەورەوە بانگ دەكات لە نێوان ئەهلی دۆزەخ وبەهەشتدا ودەڵێت: **نەفرەتی** خوا لە ستەمكاران بێت.

وە پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمێت:

**(اتقوا الظلم فإن الظلم ظلمات یوم القیامة)**[4].

واتە: خۆتان لە ستەم بپارێزن چونكە ستەم كردن تاریكیە لە ڕۆژی دواییدا.

### نۆیەم: خراپەكاران وئەوانەی پەیوەندی خزمایەتی ناگەیەنن:

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ﴾ [محمد: ٢٢-٢٣].

واتە: ئایا وادەزانن كە بێن بە كاربەدەست ئاشوب دەنێنەوە لەسەر زەوی وخوێن دەڕژێنن بە ناحەق، وپەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن، ئەمانە خوای گەورە **نەفرەتی** لێ كردوون وكەڕی كردوون لە ئاستی بیستنی حەق وكوێری كردوون لە ئاستی بینینی حەق.

وە لە ئاشوب نانەوە لەسەر زەویدا: یەكەم: ڕێگری لە دینی خوا.

---

٣- (صحیح الجامع الصغیر: ٤٠٧١).

٤- (صحیح الجامع الصغیر: ١٠١).

دووەم: بچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی کە خوای گەورە فەرمانی بە گەیاندنی کردووە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت:

(**الرحم معلقة بالعرش تقول من وصلني وصله الله ومن قطعني قطعه الله**)(٥) .

واتە: پەیوەندی خزمایەتی هەڵواسراوە بە عەرشی خواوە ودەڵێت: هەرکەسێك بمگەیەنێت خوا رەحم وبەزەیی خۆی پێ بگەیەنێت، وەهەرکەسێکیش نەمگەیەنێت خوا رەحم وبەزەیی خۆی پێ نەگەیەنێت.

**دەیەم: کوشتنی بەناحەق:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ٩٣].

واتە: هەرکەسێك باوەڕدارێك بکوژێت بە قەستی وبەبێ حەق ئەوا سزاکەی دۆزەخە وبەنەمری تێیدا دەمێنێتەوە وخوای گەورە لێی تورە دەبێت ونەفرەتی لێ دەکات وسزایەکی زۆر گەورەی بۆ داناوە.

لەم ئایەتەدا سزای بکوژی بەناحەق دیاری کراوە کە ئەمانەن:

یەکەم: سزای ناو دۆزەخ.

دووەم: مانەوەی لە ناو دۆزەخدا بە نەمری.

سێیەم: تورەیی خوای لەسەرە.

چوارەم: نەفرەتی خوای لەسەرە ودەردەچێت لە رەحمەتی خوا.

پێنجەم: وەسف کردنی سزاکەی بەوەی کە سەخت وگەورەیە.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویێت:

(**لا يحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله إلا بإحدى ثلاث: الثيب الزاني والنفس بالنفس والتارك لدينه المفارق للجماعة**)(٦).

واتە: خوێنی هیچ موسڵمانێك حەڵاڵ نییە بڕژێندرێت کە شایەتی بدات بە: **لا إلــه إلا الله ومحمد رسول الله** ئیللا یەکێك لەم سێ شتە نەبێت: زینا کردن لە پاش زەواجێکی شەرعی، کوشتنی بە ناحەق، وازهێنان لە دین دورکەوتنەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان .

**یانزەهەم: سووخۆر**

خوای گەورە دەفەرمێت:

٥-(صحيح الجامع الصغير: ٣٥٤٩).

٦-(صحيح الجامع الصغير: ٧٦٤٣).

﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ [البقرة: ٢٧٥].

واتە: ئەوانەی سوو دەخۆن لە ڕۆژی قیامەتدا ڕاست نابنەوە ئیللا وەکو ئەو کەسە نەبێت کە شەیتان دەستی لێ وەشاندوە وشێت بووە، لەسزای ئەوەی کە دەیان ووت: کڕین فرۆشتنیش وەکو سوو وایە، بەڵام ڕاست ناکەن چونکە خوای گەورە کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووخواردنی حەرام کردووە.

وعن جابر بن عبد الله(رضي الله عنه) قال:

(لعن رسول الله(ﷺ) آكل الربا ومؤكله وكاتبه وشاهديه وقال هم سواء)[٧].

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) نەفرەتی کردووە لە سوو خۆر وپێ سپێراو ونوسەر وهەردوو شایەتەکەی، وە فەرمووی: هەموویان یەکسانن.

**دوانزەهەم: لەکەدارکەرانی ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاک:**

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [النور: ٢٣].

واتە: ئەوانەی کە ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاکی بێئاگا لە داوێن پیسی لەکەدار دەکەن ئەوانە نەفرەتیان لێ کراوە لە دونیا و دوا ڕۆژدا، وە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(اجتنبوا السبع الموبقات، قالوا: يا رسول الله وما هن؟ قال: الشرك بالله، والسحر، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات)[٨].

واتە: خۆتان دوور بخەنەوە لە حەوت تاوانە گەورە بە هیلاك دەرە، هاوەڵان(رضي الله عنهم) فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چین ئە حەوت تاوانە؟ ئەویش فەرمووی: هاوەڵ دانان بۆ خوای گەورە، وجادووکردن، و کوشتنی بە ناحەق، و سووخواردن، و خواردنیماڵی هەتیو بەناحەق، وهەڵهاتن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا، و لەکەدار کردنی ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاکی بێئاگا لە داوێن پیسی.

**سیانزەهەم: شاردنەوەی حەق ونكوڵی كردن لێی:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

---

٧- (صحيح الترغيب والترهيب: ١٨٤٧).

٨- (مشكاة المصابيح: ٥٢).

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ﴾ [البقرة: ١٥٩].

واته: ئەو کەسانەی کە ئەو بەڵگە رون وئاشکرایانە دەشارنەوە کە ئێمە دامانبەزاندووە لە پاش ئەوەی کە ئێمە خۆمان رونمان کردۆتەوە بۆ خەڵکی لە قورئاندا ئەوانە خوای گەورە هەموو نەفرەتکاران **نەفرەتیان** لێ دەکەن.

هەرچەندە ئەم ئایەتە بۆ سەر زانایانی جولەکە دابەزیووە کە نکوڵی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەریان دەکرد(ﷺ) ودەیان شاردەوە، بەڵام هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە زانیاریەکی هەبێت ولە نکوڵی کردن وبەدرۆخستنەوەدا بیشارێتەوە، وەخوای گەورەیش قەدەغەی شاردنەوەی حەقی کردووە چونکە زیانێکی زۆری هەیە، لەوانە:

نەمانی حەق و بڵاوبونەوەی نەزانی، وە بەدرۆخستنەوەی راستگۆ، وبەراست زانینی درۆزن، وبڵاوبونەوەی بیدعەو خورافات، وحەڵاڵ کردنی حەرام، وحەرام کردنی حەڵاڵ، وشوێن کەوتنی ئارەزوو....

**چواردەهەم: جوێن دان بە دایک وباوک وئازاردانیان:**

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمێت:

(لعن الله من لعن والديه)[٩].

واتە: خوای گەورە **نەفرەتی** کردووە لەو کەسەی کە نەفرەت لە دایك وباوکی دەکات.

وەدەفەرمێت:

(ملعون من عق والديه)[١٠].

واتە: **نەفرت** لێ کراوە هەرکەسێك کە ئازاری دایك وباوکی بدات.

خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین کە سوپاسی دایك باوکمان بکەین وچاکەیان لەگەڵدا بکەین.

**پازەهەم: سەربڕین بۆ جگە لە خوای گەورە:**

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(لعن الله من ذبح لغير الله)[١١].

واتە: خوای گەورە **نەفرەتی** کردووە لە کەسێك کە شتێك سەربڕێت بۆ جگە لە خوای گەورە.

---

٩- (صحيح الجامع الصغير: ٥١١٢).

١٠- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٢٠).

١١- (صحيح الجامع الصغير: ٥١١٢).

سەربڕین جۆرێکە لە پەرستن کە دروست نیيە بۆ جگە لە خوا جێبەجێ بکرێت.

* هەرکەسێك خۆی نزیك بکاتەوە لە جگە لە خوا بە ڕشتنی خوێن، وەك دیاری و قوربانی ئەوا هاوەڵی بۆ خوا داناوە، وەکردەوە چاکەکانی پێ پوچەڵ دەبێتەوە.

ئیمامی نەوەوی دەفەرمێت: مەبەست پێی سەربڕینە بۆ جگە لە خوا وەکو سەربڕین بۆ بتێك، یان خاچێك، یان بۆ موسی، یان بۆ عیسی (علیهما الصلاة والسلام) یان بۆ کەعبە یان بۆ کەسێك، هەموو ئەمانە حەرامن، وە ئەو گۆشتە حەڵاڵ نیيە ئیتر ئەگەر ئەوەی سەری دەبڕێت موسڵمان بێت یان گاور بێت یان جولەکە.

**شانزەهەم: مەی خۆرو پارەتی دەری:**

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

(لعن الله الخمر وشاربها وساقيها وبائعها ومبتاعها وعاصرها ومعتصرها وحاملها والمحمولة إليه وآكل ثمنها)[١٢].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە مەی ومەی خۆر و تێکەر وفرۆشیار وکڕیار و گوشەر و بۆ گوشراو هەڵگر وبۆ هەڵگیراو و بخۆری پارەکەی.

وەدەفەرمێت:

(لا تشربوا الخمر فإنها مفتاح كل شر)[١٣]

واتە: مەی مەخۆنەوە چونکە دەرگای هەموو خراپەیەکە.

* مەی دایکی خراپەکانە چونکە بۆ خراپەکاریيەکانی تری جگە لە خۆیت دەبات، ئەوەی مەی خۆر بێت هەموو تاوانەکانی تری لە لا ئاسانە وەك زینا کردن ودزی وکوشتن و....

وە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾ [المائدة: ٩٠-٩١].

واتە: ئەی باوەڕداران بەڕاستی مەی وقومار و بت و یانصیب پیسن ولە کردەوەی شەیتانن، بۆیە ئێوە خۆتانی لێ دوور بخەنەوە بە لکو سەرکەوتوو سەرفراز بن، تەنها شەیتان دەیەوێت بەهۆی مەی خواردن وقومارکردنەوە دوژمنایەتی ورق وکینە بخاتە

---

١٢- (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٩١).

١٣- (صحيح الجامع الصغير: ٧٣٣٤).

نێوانتانەوە، وەبەربەستتان بکات لە یادی خوا و نوێژکردن ئایا ئێوە تەواو بوون ووازی لێ دەهێنن؟

**حەڤدەهەم: دز:**

خوای گەورە دەفەرمێت:
﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [المائدة: ٣٨].

واتە: دزی پیاو وژن دەستیان ببڕنەوە وەکو سزایەك بۆ ئەو کارەیان، وە وەکو سەرزەنشت کردنێك لە خوای گەورەوە بۆیان، بەڕاستی خوای گەورە بەدەسەڵات وکاربەجێیە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:
(لعن الله السارق يسرق البيضة فتقطع يده ويسرق الحبل فتقطع يده)(١٤).

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە دزێك کە هێلکەیەك دەدزێت ودەستی لەسەری دەبڕدرێت.

ئەم فەرموودەیە ناشیرینی دزی روون دەکاتەوە لەگەڵ توندی ئەو سزایەی کە بۆ دانراوە کە دەست بڕینە.

وە دزی بەڵگەیە لەسەر ناپاکی، وە بەرهەمی تەماح و ئیرەیی و رق و کینە ودژایەتی و رازی نەبوونە بە بەشی خوا، وەهەر دزیە دەبێتە هۆی کوشتن وستەم کردن وڕێ بڕین و بڵاوبوونەوەی ترس لە ناو کۆمەڵدا.

**هەژدەهەم: حەڵاڵ کەر وحەڵاڵ بۆکراو:**

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:
(لعن الله المحلل والمحلل له)(١٥).

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە حەڵاڵ کەر وحەڵاڵ بۆکراو.

حەڵاڵ کەر ئەو کەسەیە کە ئافرەتێکی تەڵاق دراو مارە دەکات لە خۆی یان لە کەسێکی تر، پاشان تەڵاقی دەدات بۆ ئەوەی بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ بێتەوە، کە ئەمەیش یاری کردنە بە شەرعی خوا بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) نەفرەتی لێ کردووە.

---

١٤- (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٩٧).

١٥- (صحيح سنن أبي داود: ٢٠٧٦).

**نۆزدەهەم: نێرباز:**

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (**لعن الله من عمل عمل قوم لوط قالها ثلاثا**)[١٦].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە هەر کەسێك کە کاری نەتەوەکەی لــوط (ﷺ) دەکات، سێ جا پێغەمبەر (ﷺ) دووبارەی کردەوە.

وەدەفەرمێت: (**إن أخوف ما أخاف على أمتي من عمل قوم لوط**)[١٧].

واتە: ترسناکترین شت کە لە ئوممەتەکەم دەترسم توشی بن کردەوەی نەتەوەکەی (لوط)ە (ﷺ)

وەدەفەرمێت:

(**من وجدتموه يعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول به**)[١٨].

واتە: هەر کەسێکتان بینی کردەوەی نەتەوەکەی (لوط) ی(ﷺ) دەکرد ئەوا هەردووکیان بکوژن.

**بیستەم: هەرکەسێک بچێتە لای خێزانی لە دواوە:**

پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرمووێت:

(**ملعون من أتى امرأته في دبرها**)[١٩].

وەدەفەرمێت:

(**من أتى حائضا أو امرأة في دبرها أو كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد**)[٢٠].

واتە: هەرکەسێك بچێتە لای خێزانی لەکاتی بێ نوێژیدا، یاخود لە دواوە، یاخود بچێت بۆلای فالچی وبەڕاستی بزانێت، ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیووە بۆ سەر محمد (ﷺ).

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

www.ba8.org

١٦- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٢١).

١٧- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤١٧).

١٨- (صحيح سنن أبي داود: ٤٤٦٢).

١٩- (صحيح سنن أبي داود: ٢١٦٢).

٢٠- (صحيح سنن ابن ماجة: ٦٣٩).